خوێندنەوەیەک بۆ کتێب:                                هەڵۆ بەرزنجەیی
پرۆژەی لەچاپدانەوەی بڵاوکراوەکانی پاسۆک
گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی، بەرگی یەکەم ژمارەکانی ١-١٦
چاپی یەکەم کوردستان ٢٠٢٢

]پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین [[
"ئاڵای سووری کوردایەتی"
}{چەکی بێ بیروباوەڕ سێدارەی جەماوەرە}{

ژمارە (١٢) ڕێبەندانی ٢٥٩٣ کانوونی دووەمی ١٩٨٢
ئەم بەرگە خنجیلانەیەی تری گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی ، هەشت باسی هەمەڕەنگی فکری و سیاسی و ئەدەبی لەخۆ گرتووە..

[سەروتار].. ساڵی کوردایەتی
وتارێک باسی لەوە دەکات کورد دەرفەتی هەڵگیرسانی شەڕی عێراق و ئێران ناقۆزێتەوە و وەک وڵاتانی خوداپێداو یاد و یادگاری دەمژمێر و رۆژ و هەفتە و مانک و ساڵ ناکاتەوە... لە دنیای دەرەوەی دنیای کوردیدا هەرشت بەهای خۆی هەیە، لای کورد بەداخەوە زۆرشت بێ بایەخ کراون بەهۆی ئاین و ئایدلۆژیای حیزبییەوە..
وتارەکە دەیەوێ نەفرەتێکی خەست و گران بکات لەساڵی ١٩٨١ شەڕی براکوژی و کوردکوژی.. هاوکات دەست بۆ ئەوەش ڕادەکێش هێندەی براکوژیمان کردووە گەر شەڕی داگیرکەرانمان بکردایە هێندەی وڵاتی ( نەمسا و لوکسمبۆرگ) ناوچەی رزگارکراومان دەبوو.. لە وتارەکەدا هاتووە:
]ئێمە دەزانین تا تاپۆی{ کوردایەتی!} لە باخەڵی کوردایەتی پارە و پوول ئاخنراوی مۆتەکە کلاسیکی و مێردەزمەکانی سەر کۆڵەی سنگی کورددا بێت، ئەمەش پینەکرێت، لە لایەکی ترەوە هەر هەڵدەتەقێت..[
دواتر پەیامێکی روون و ئاشکرا بۆ سووتەمەنی شۆڕش پێشمەرگە دەنووسێ . پێشمەرگە ئەو تاکەی کە بە ژیانی خۆی پارێزگاری لە نیشتمان دەکات و رۆحی پێ دەبەخشێ:[ بۆیە روو دەکەینە پێشمەرگە چونکە بێ ئەوان ئەو بازرگانانە دەبێ دوکانەکانیان داخەن و سەری لووتی خۆیان ڕەش کەن]..
بەکورتی داوا دەکات نەهێڵدرێ چاوبەستەکێ لە میللەت بکرێ و بۆ ئامانجی گڵاو بەهەڵەدا ببرێ.. دوا دێری نووسینەکە بەم ئایەتە کۆتایی هاتووە:
"ان الله لا يغير ما نقوم حتی يغيروا ما بأنفسهم". میللەتێک خۆی خۆی نەگۆڕێ خوا نایگۆڕێ...
کەواتە ئەرکی میللەتیشە هوشیاری هەبێت بە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی تاوەکوو بتوانێ ئایندەیەکی بە فەڕتر بۆ رۆڵەکانی مسۆگەر بکات...
]کۆپلە شیعرێ..[
پێمان ڕووتە.. دڕک و داڵە
دەممان وەک گەڵای داری " بی,"
تفتوتاڵە
بەڵام ئەڕۆین.. چونکە ئامانج!
تیشووی هەر چوار وەرزی ساڵە
لێرەدا دروشم و مەشخەڵ و ئاوات و باوەڕی هاوبیرانی نەتەوەیی و وزەی کوردایەتی بەرجەستە بووە..
دوژمن چەند دڕندە بێت، باوەڕی ئێمە نەلەقیوتر دەبێت...!
بیری رزگاری نەتەوەیەک هەرگیز ناکوژێتەوە...
[ڕازێکی کوردانە].. " ڕاستبوونەوەی دوای گلان.."
وتارێکی سیاسی و فیکریی لە کۆنتێکسێکی مێژوویدا ..بە دوو برگە پێناسەی شۆڕش دەکات :{ ئەگەر شۆڕش یاسایەکی گشتی و دەتوورێکی بنەڕەتی نەگۆڕی هەبێت، ئەوەیە وەک ئاگرێک لە پریشکێکەوە دەکەوێتەوە تا دێت کڵپە دەسێنێ، مەودا و بارستایی مەشخەڵی فراوانتر و بەرین تر دەبێت}..

لام وایە لێرەدا بایەخی شۆڕش و هێڵە گشتییەکانی خراوەتە ڕوو ئەوجا لە گۆشەنیگایەکی ترەوە درێژە بە گفتوگۆکردن لەسەر شۆڕش دەدات و دەڵێ:{ شۆڕشی ڕەسەن و ڕاستەقینە خەسڵەتی هەر دیار و بەرچاوی ئەوەیە کە خۆی خالق و داهێنەری ڕووداو و پێشهاتەکانە، هەر دەستەیەک چاوەڕوانی ڕووداو بکات وەک مەلەوانێکی نەزان خۆی بدات بەدەم خوڕی لافاو و شەپۆلەوە بۆ پەڕینەوە یان ئەو لافاوە هەڵناسێ یان هەڵیش بستێ لەباتی پەڕینەوە دەبیات و لە توونی بابای توند دەکات..{

ئینجا بەراوردێکی ئەو شێوە شۆڕشە بەوەی کوردستان و بەتایبەت لە باشووردا دەکات.. بە کارەساتی دەچوێنێ... شۆڕشی باشوور دەیداتە بەر نەشتەری ڕەخنە... بە کورت و کرمانجی ڕوو لە جەماوەری دڵسۆز و پێشمەرگەی جەنگاوەر دەکات و دەڵێ{ ئاوی ئێوە نەبێت، ئاشی ئەو بازرگانانە زوو لە گەڕ دەکەوێ}...

سەرنج بدە هەر وتارێکی ئاڵای سوور چەندین جار زیگنال و شەیپووری هوشیاربوونەوە لێدەدات بۆ هێزی پشمەرگە و دڵسۆزانی شۆڕش.. بنۆڕن خەمی پاسۆک چەند گەورە بووە! چەند لە پەرۆشی دۆزە پیرۆزەکەی کوردایەتیدا بووە!.. دەنا پاسۆک بۆ خۆی حیزب بووە و ئەگەر بەس دوای مەرام و بەرژەوەندی خۆی بکەوتایە!ئەم هەموو دڵسۆزییەی نەدەنواند...!

]ئێمە ناڵێین سوود لە تاقیکردنەوەیخەڵکی وەرناگرین، بەڵام قۆپییەی کەسیش نین...[

]بانگێ لە سەنگەری پاسۆکەوە.. برا پێشمەرگەکەم[

سڵاوی ئازادی و یەکسانی..

پێشمەرگەی کەرەسە و سووتەمەنی شۆڕشە، پێشمەرگە داینەمۆی شۆڕشە. ئەگەر رۆژگاری سەرەتای خەباتی کوردمان بێتەوە یاد وا دەزانین ناو و پێگەی پیشمەرگە بە دەستێ جلی خاکی و چەکێکی سادە و جووتێ پێڵاوی لاستیکی دڕاو و گیرفانی بەتاڵەوە چەند پیرۆز و جێی خۆشەویستی میللەت بوو.. بەڵام رۆژگارێک تێپەڕی کەوا هەر چەک لەسانکردن و پحشینگ جلی خاکی کەسێک ناکاتە پێشمەرگە، ئاخر بەداخەوە جاشیش هەمان دیمەنی هەیە! کەواتە دەبێت خەسڵەتی پێشمەرگە چی بێت؟..!

پرستارێکی قورس و هەستیار، لێ سادە و خۆشڕەوان..

ئەوەی لەسەنگەری نەتەوەکەیدا بێت و ناپاکی لە نیشتمان نەکات و بۆ سەربەخۆیی ئازادی و دادپەروری تێبکۆشێ و بخەبتێ ئەوە پێشمەرگە و شۆڕشگێڕە ...

وێستگەیەکی قێزەونی شۆڕش و مێژووی کورد بە براکوژی پڕ کراوەتەوە، هەمویشی لەسەر هەژماری ناوی پیرۆزی پێشمەرگە و دۆزی نەتەوەیی کورد..

ئەم نامە کراوەیەی لێرەدا ئاراستەی پێشمەرگە کراوە، بۆم بکرایە بە ئاوی ئاڵتوون دەمنووسییەوە.. نامەیەک لە هەست و مەعریفەیەکی پاک و جیهانبینییەکی واقعی گیانی بەرپرسیارێتییەکی دڵسۆزانەوە ڕووی دەم کراوەتە پێشمەرگە هوشیار بێت، ئەرکی خۆی بزانێ، ڕۆڵی خۆی بگیرێ...!

لە بانگەکەدا هاتووە:[ بەڵام برای پێشمەرگەم لەهەر سەنگەرێکدایت و سەر بەهەر کۆڕ و کۆمەڵ و بیر و باوەڕێکی مادام کورد شۆڕشگێر و هاوسشنگەری منی ، بانگت ڕاهێڵم پێکەوە هەر یەکەمان لای خۆیەوە دەست لەسەر ئەم سوێندی شەرەفی پێشمەرگایەتی بۆ یەکدی بخۆین، کە بەسەر ناهەقی و لادانو خراپەدا ڕانەبوورین و لە هیچ کەموکوڕی و ناتەواوی و بەلادا بردنێکی ئانقەست خۆش نەبین و پەنجەی شۆڕشگێری بکەین بە چاوی ناهەقی و جادوگەریدا. فشس( تأویل) و (منطقی گێر)و (بیرکردنەوەی چەوت)و ( مەبەست گۆڕین) لە کەس قبوڵ نەکەین، ئەگەر ئەو کەسە خۆشمان یان هاوبیرێک ، هەڤاڵێک هاوڕێیەکی خۆمان یان لێپرسراومان بێت]..

ڕوون و زەلالی ئەم بۆچوون و داواکاری و چاوەڕوانییە هەر لە تاکێکی دڵسۆز و قارەمانی کاریگەریی سەر گۆڕەپانەکە دەرکرێ کە باوپێشمەرگەیە. دواتر وتارەکەش زرنگانە دێتە سەر کرۆکی مەبەست و سەر ئەم خاڵە و دەنووسێ:{ ئەم بارە گلاوەش تەنها بە تۆ و برا پێشمەرگەکەت ڕاست دەبێتەوە}...

ئاڵا لە دووتوێی خۆیدا بە وتار و بانگەوازەکانی گەلێ جاران ئێخەی پێشمەرگەی گرتووە، تاوەکو بە هوشیاری و تێگەیشتنی دروستەوە چەکی بکاتە شان و گیانی خۆی ببەخشێ..

[قوتابخانەی پاسۆک].. " گرەو..!!"

وتارێکی تیشک دەخاتە سەر ئەوە گەمە سیاسیی و گرەوە دۆڕاوانەی بەناوی کوردایەتییەوە دەکرێ.. بانگەواز دەکات لەپێناوی سەرخستنی ئەم دۆزە ڕەوایەی کوردایەتیدا وزە و توانای خۆمان یەک بخەین

و یەکگرین.. ئاخر داگیرکەران بەهێز و دڕندەن و دوژمنان بەردەوامن لەسەر دژایەتی کورد و کاولکردنی کوردستان ..
وتارەکە زۆر بەپێز و چڕە و من لێرەدا بۆم ناکرێ سەرلەبەری ڕاگوێزم. بەڵام بڕگەیەکی لێ دەخەمە بەرچاو وەک مشتێ نموونەی خەرمانێکە، بەشی تێگەیشتنی تەواوی ئێوەی خوێنەری بەڕێز دەکات.[ دەبا هەموومان یەکگرین و حساباتە کۆن و قین و کورسی و پاوانخوازی و گومڕایەکان هەڵگرین بۆ ئەو کاتەی کە لەژێر کێردی قەسابە داگیرکەرەکانی کوردستاندا رزگارمان دەبێت و نەتەوەکەمان لە مەترسی هەرەسێکی تر دوور دەخەینەوە ئەو کاتە ڕوو دەکەینە جەماوەر،کاڵای کێی لا پەسەند تر بوو باجەژنی خۆی ببڕێ وماڵی کێی پێ قەڵب بوو با بیداتەوە بەسەر خاوەنەکەی دا...[
وتارەکەی ئاڵای چەند لۆژیکانە شرۆڤەی دۆخەکە دەکات و ڕێگا ڕاستەکە دەسنیشان دەکات.. بێ ئەوە یەک داوای بە سوودی خۆی هەبێت و حەز و دروشمێکی داسەپێنێ..
[ شادەمارە سەرەتاکانمان].." ١١-باوەڕمان بە مافی چوونیەکی پیاو و ژن هەیە لەو بوارانەدا کە چوونیەکن ."
وتارێکی فکریی و سیاسی و رۆشنبیریی گشتییە لەمەڕ ئەم باسە هەستیارەی نێو جڤات و تێکڕای جیهانەوە.. بایەخی ئەو بابەتە و خستنە ڕووی وەک شادەمارێکی سەرەکی بیر و ڕێبازی پاسۆک ، باشترین بەڵگەی سەنگینی ئەوەیە ناچوونیەکییەکی نادادپەروەرانە لەنێو ئەو دوو ڕەگەزەی مرۆڤدا هەیە و پێویستە کۆتایی بێت.
دیارە باسەکە فرە ڕەهەندە و لە ئەورووپای پێشکەوتووشدا هێشتا ژنان بە تەواوی مافەکانی خۆیان شاد نەبوون.. بۆیەکا کاروانی خەباتی پەرلەمانی و دیموکراسی و سیاسی لەم ڕووەوە بەردەوامە.. ژنانیش بە هێز و باوەڕ و هوشیاری خۆیان زۆر چوونەتە پێشێ و باشتر خۆیان سەلماندووە..

نێر و مێ هەردوو بە جووتە هەوڵێ نەدەن
دووره دەرچووی ی لە دیلی،مەل بە باڵێ نافڕێ
هەڵی ڕاستی هەردوو لا ئامانجی میللەت سەرئەخا
چونکە مەعلوومە بە یەک دەس چەپڵە قەت لێ نادرێ
بێکەس

]فەرهەنگۆک[
چەپکێ زاراوە بەسەر کراونەتەوە کە ئەو رۆژگارە و دواتریش لە ئەدەبیاتی سیاسی کوردی و رۆژنامەوانیدا بەرچاو دەکەوتن.. لەوانە :
"ئەنتەرناسیۆنال/ نێونەتەوایەتی، ئەنتەرناسیۆنالیستی یەکەم، ئەنتەرناسیۆنالیستی دووەم، ئەنتەرناسیۆنالیستی سێیەم، کۆمێنفۆرم، ئەنتەرناسیۆنالیستی سۆشیالیستی، ئۆتۆکراسی، ئەرستۆکراتی، ستالینیزم"
[[ ماڵاوا ]].. بیری دوا ڕۆژ
ئانیشتاین دەڵێ: { زیاتر لە ڕابووردوو من ئارەزووی ئایندە دەکەم، چونکە ئەو شوێنەیە کە بیری ژیانی تێدا دەکەمەوە}..
بەقسەیەکی گەلەریی دەست پێ دەکات: " خوا تا دەرگایەک دادەخات دە دەروازە ئاوەڵە دەکاتەوە" باس لەوە دەکات کورد تا هەڵگیرسانی شەڕی ئێران و عێراق ١٩٨٠ـــــ١٩٨٨ لە دۆخێکی خراپدا بووە. ئەو شەڕە هەردوولای لاواز کرد بۆیە پێویستە سوودی زۆری لێوەرگیرێ.. ئەمەش بە گفتوگۆ و بەرنامەڕێژی و سیاسەتێکی حەکیمانە ئەنجام دەدرێ...!
پاسۆک ڕووی دەمی دەکاتە گشت لایەنەکان داوا دەکات بیرێک لە دواڕۆژ بکەنەوە..
بەسەرکەوتنی لایە! ڕووخاندنی هەردوولا؟ ڕاگرتنی شەڕەکە و هەموو ئەگەرەکانی دیکەی بەردەم ئەو دۆخە..!
ئەمەش لە پێناوی ئەوەی لە کۆتاییدا نەگەینە ئەوەی کە } :بەدەستی خۆمان و بە ئانقەست گرەوی دۆڕاو لەسەر ئەسپی دۆڕاو دەکەین}.. وەک ڕێکەوتنامەی جەزائیرمان بەسەردا بهێنرێتەوە...
وتارەکە زادەی ئاوزانی فیکری و سیاسی و نەتەوەییە، پەرۆشە بۆ ئایندەیەکی بە فەرتر و باشتر . لێرەدا دوو برگەی تری وتارەکە ڕادەگوێزین کە پڕە لە ئاماژەی گرنگ.

}ئێمە کورد هەمووومان لەبەردەم یەک چەقۆی قەسابداین و جیاوازی شین و سوور و مۆرمان ناکات و لە ملی هەر کامێکمان ترازا ملی ئەوی ترمان دادەبڕێ..{

دوادێریش بە خەتێکی تۆخ نووسراوە:

}جیاوازی نێوان پێشمەرگە و جەردە ئەوەیە کە پێشمەرگە دەزانێ بۆچی چەکی لە شانە و جەردە نازانێ بۆ؟...{!

لەم وێستگەیەدا لەگەڵ ئێوەدا دەڵێم ماڵئاوا تا ژمارەیەکی تر..




